گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X

Vol.28 Issue s5 2024
ID No. 3012 (PP 149-162)
https://doi.org/10.21271/zjhs.28.s5.11

توێژینەوە

# وێنەی هەستی لە شیعرە کوردییەکانی (صافی هیرانی)دا

**سۆران مامەند عبداللە/** بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی زمان ، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر،هەولێر ،هەرێمی کوردستان ،عێراق

**ئیبراهیم خەلیل فتح اللە/** بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی شەقڵاوە ، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر،هەولێر ،هەرێمی کوردستان ،عێراق

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی ( وێنەی هەستی لە شیعرە کوردییەکانی " صافی هیرانی ") دا، خراوەتەڕوو.

زمانی وێنە زمانی ناوازەیی و داهێنانی ئەدەبییە، چونکە بە وێنەی ورد و بچوک واتای زۆر و فراون پێشکەش بە خوێنەر دەکرێت، شیعر جۆرێکی ئەدەبییە، بە چەند فۆرمێکی جیاواز دەنووسرێ، یەکێك لە کەرەستە بنەڕەتیەکانی شیعر وێنەیە. نوسەران هەوڵیانداوە لە ڕێگەی وێنە شیعرییەکانیانەوە باڵا دەستی و توانا هونەری و ئەدەبییەکانیان دەربڕن. لەم لێکۆڵینەوەیەدا، هەوڵدراوە دونیابینین و تێڕوانینەکانی عاریف و شاعیری نەتەوەکەمان شێخ صافی هیرانی لە ڕێگەی وێنەی شیعری لە شیعرەکانیدا شیبکرێتەوە، بەتایبەتی ئەو دەقە شیعریانەی شاعیر لە ڕێگەی هەستەکانەوە بنیاتناوەن، فەزایەکی هونەری و ئێستاتیکی پێ بەخشیون. بەمەش بەم ئەنجامە دەگەین، کە شاعیر صافی لەڕێگەی هەستەکانییەوە وێنەی جۆراوجۆری بەدیهێناون و بەپێی شیعرەکانی سەرجەم هەستەکان لە ئافراندنی وێنەی شیعریدا بەشدارن.

CORRESPONDENCE
سۆران مامەند عبداللە
soran.abdullah@su.edu.krd

پەسندکردن 2024/10/13
بڵاوکردنەوە 2024/10/15

وشە سەرەکییەکان:
وێنەی شیعری،
شیعرییەت،
وێنەی هەستی،
سافی هیرانی،
ئەدەبی کۆن.

**About the Journal**
ZANCO Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields.
https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**پێشەکی :**

وێنەی شیعری پێکهاتە و بنەمایەکی سەرەکی گرنگی هەموو دەقێکی شیعرییە، ئاستی شیعرییەتی دەق بەرزدەکاتەوە و هۆکارێکی بنەڕەتیە بۆ مانەوەی شیعرەکە وەکو دەقێکی کاریگەر و زیندوو. واتە وێنەی شیعری بنەما و بناغەی سەرەکی دروست بوون و پێکهاتەی دەقی شیعرییە، وێنەی شیعری ئامرازی گواستنەوەی ئەندێشە و هەست و سۆز و بینینیەکانی شاعیرە. لەناو ئەم وێنە شیعریانەش ئەم وێنەنانەی لەڕێگەی هەستەکانی شاعیرەوە داهێندراون و هونراوەنەتەوە جێگەی سەرنج و تێڕامان بوون لەم توێژینەوەیەدا، بۆیە کار لەسەر ئەم دەقانەی شاعیر کە بە کوردی نووسراون، کراوە. ئەو جۆرە وێنانە خراوەتەڕوو کە مانا و دەلالەتی هەستەکانی شاعیرن و لەناو دیوانەکەیدا ڕەنگیانداوەتەوە.

**٢. هۆی هەڵبژادنی ئەم بابەتە:**

هەڵبژاردنی بابەتەکە دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی بابەتەکە و بوونی ئەو جۆرە وێنە شیعرییە لەناو دیوانەکەی شاعیردا، ئەگەرچی لێکۆڵینەوەی زۆر کراوە لەڕوانگەی ڕەوانبێژی و وێنەی هونەریەوە، بەڵام کارکردن لەسەر شیعرە کوردییەکانی شاعیر، بەتایبەتی وێنە هەستیەکان بە گوێرەی پێویست نەبووە. لەلایەکی دیکەوە هەوڵمانداوە داهێنانە هونەرییەکانی صافی لەم دەقە شیعریانە بخەینەڕوو کە لەدید و ڕوانگەی هەستەکانەوە نووسراون و مانا و دەلالەتی قووڵی هەستی شاعیر دەگەینن.

**٣. سنووری توێژینەوەکە:**

ئەو توێژینەوە لەناو جۆرەکانی وێنەی شیعری، یەکێک لە لایەنەکانی وێنەی وەرگرتوە، ئەویش وێنەی هەستییە، لە لای یەک شاعیر، کە " صافی هیران"یە. لە سنووری شیعرە کوردییەکانی ناوبراودا، ئەوەندەی پێمانکراوە دیوانەکەمان گوڵبژێرکردووە و وێنەی جوان و ڕازاوە و ئیلهام بەخشمان لێ هەڵبژاردووە.

**٤. ئامانجی لێکۆلینەوەکە:**

ئامانجی ئەم لێکۆلینەوەیە سەرەتا خستنەڕووی چەمک و زاراوەی وێنەی شیعرییە، ئینجا ڕوونکردنەوەی وێنەی هونەری و وێنەی هەستی لە شیعرەکانی صافی هیرانی دا، دیاریکردنی ئەو دەقانەی جۆرەکانی وێنەی هەستیان لێ دەخوێندرێتەوە.

**٥. میتۆدی لێکۆڵینەوەکە:**

لەتوێژینەوەکەماندا میتۆدی وەسفی شیکاریمان گرتووەبەر، سەرەتا میتۆدی وەسفیمان بۆ لایەنە تیۆری توێژیەوەکە بەکارهێناوە، بۆ لێکدانەوەی دەقە شیعرییەکان و پراکتیزەکردنی سوود لە میتۆدی شیکاری وەرگیراوە، لە هەندێک شوێنیش هەردوو میتۆدەکە ئاوێتەی یەکتر دەبن.

**٦. پێکهاتەی لێکۆڵینەوەکە:**

پلانی توێژینەوەکە لە دووتەوەر پێکهاتووە، تەوەری یەکەم: لایەنی تیۆرییە، چەمک و زاراوەی وێنەی شیعری و جۆرەکانی وێنەی شیعری باسکراوە. لە تەوەری دووەمدا پراکتیزەکردنی وێنە هەستییەکان لە شیعرە کوردییەکانی صافی هیرانی دا خراوەتەڕوو. لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا بەچەند ئەنجامێک گەیشتین، کە بە خاڵ خستوومانەتەڕوو.

**٧. گریمانە و پرسیاری توێژینەوە:**

لەم توێژینەوەدا دەپرسین ئایا صافی لە دەقە شیعرییە کوردییەکانیدا، وێنەی هەستی بەکارهێناوە؟ ئەگەر بەکاریهێناوە لە پێنج هەستەکانیدا لەڕێگەی کامە هەستەوە زۆرترین وێنەی شیعری ئەفراندووە، هەروەها کەمترین وێنەی هەستی لای شاعیر کامەن؟

**8. توێژینەوەکانی پێشوو:**

ئەوەی تاوەکو ئێستا ئێمە لێی ئاگاداربین لەسەر شاعیر صافی هیرانی بەشێوەیەکی ئەکادیمی دوو نامەی زانستی لە زانکۆکان لەسەری نووسراوە، یەکیان نامەی ماستەر بەرێز "سەردار احمد حسن گەردی" بە ناونیشانی (ژیان و بەرهەمی صافی هیرانی )یە. لە زانکۆی سەلاحەدین.(1993). توێژەر زیاتر بەشێوەیەکی گشتی باسی وێستگەکانی ژیان و بەرهەمەکانی شاعیری و ێنە و ڕەگەزەکانی شیعرییەکان...تاد. کردووە. هەروەها نامەی ماستەر بەرێز ( ڕێناس خالص نادر) بە ناونیشانی (میتافۆڕی چەمکیی عەشق وەک گەشت و ڕێگا لە شیعرەکانی صافی دا) لە زانکۆی سۆران (2023). کە باسی میتافۆڕ و خواستنە و خواستنیش ڕەگەزی سەرەکیی وێنەی شیعرییە، هەردوو توێژینەوە کە زیاتر باسی جۆرەکانی وێنەی شیعری وەک: لێکچوواندن و خواستن و جۆرەکانی دیکەی وێنەیان کردووە، لەوەشدا لە توێژینەوەکەی ئێمە جیاوازن و لەوانە جیادەکرێتەوە بەوی ئێمە تەنیا باسی ئەم وێنانەمان کردووە، کە بەر یەکیک لە هەستەکان مرۆڤ دەکەون و بونەتە بناغە و پێکهاتەی سەرەکی وینەکان.

## ١-١- چەمك و پێناسەی وێنەی شیعری

وێنەی شیعری پێگەیەكی تایبەتی لە شیعردا هەیە، لە هەر شیعرێكدا چەندین وێنە هەن، ئەو وێنانەش بۆ ڕازاندنەوەی دەقە شیعرییەكەن، لە ئەركێكی گرنگتردا (وێنە تەنها تایبەتمەندییەكی دەوروبەری مەعریفی نییە بۆ لێكۆڵینەوەی جوانكاری. لە بری ئەوە سیستەمی كارپێكردنی سەرەكی یان توانای مەعریفی مرۆڤە و ئەركی زانستی و چارەسەری هەیە، كە هەموو چالاكییەكانی هەستكردنمان زەمینەسازی دەكەن) (ستیڤن، ٢٠٢٢) شاعیر لە ڕێگەی وێنەكانەوە توانای خۆی دەردەخات. وێنەی شیعری كاریگەری لەسەر لایەنی دەروونی خوێنەر هەیە، كە دەكرێ هەستێكی كپبوو زیندوو بكەنەوە، یان چارەسەری شڵەژانێكی دەروونی بكەن، یاخود دەروونی مرۆڤ ئارام بكەنەوە، بەڵام یەكێك لە تایبەتمەندییەكانی شیعری كۆن وێنەی شیعریە، بۆ دەربڕین و وێناكردنی هۆشی نوسەرە،كە خەیاڵ و سۆز و مەعریفەكەی تێیدا ڕەنگدەداتەوە. وێنەی شیعری گرنگیەكی زۆری پێدراوە لای شاعیران، ڕۆڵێكی بەرچاوی هەبووە لە بنیاتی شیعردا (( وەك ئاشكرایە بنەمایەكی گرنگ  لەو هونەریانەی، كە پرۆسەی داهێنانی شیعری پێ كامل دەبێت، وێنەی هونەرییە ))(عەلی،٢٠٠٧: ١٦٨). بوونی وێنەی هونەری لە شیعردا بنەمایەكی گرنگە بۆ ئەوەی شاعیر توانا هونەرییەكەی خۆی تێدا دەربڕێ. ((وێنەی هونەری وەك ئامرازێكی ڕەخنەیی و پێوەرێكی گرنگ بەكاردێ، كە ڕێگا بە ڕەخنەگر دەدات بە ناخی دەقدا تێپەڕبێت و نهێنییەكانی جیهانی دەق بەدی بكات ))(محەمەد ئەمین، ٢٠٠٢: ١١).

دەكرێ بە هۆی وێنەی شیعرییەوە، ڕەخنەگر پەی بە لایەنی مەعریفی و دەروونی شاعیر ببات و باشتر بچێتە ناو دەقەكە و نهێنیەكانی دەقەكە و ناخی نووسەر بەدی بكات. وێنە یەكێكە لە ڕەگەزە چالاكەكانی شیعر بەتایبەتیش لە شیعری كۆندا بە گەلێك شێواز دروست دەبێت. وێنەی شیعری بایەخێكی گرنگی هەیە لای شاعیران، شاعیر لە دەقێكدا پەیام و بیركردنەوە و مەبەست و هەست و سۆزی خۆی دەگەیەنێ، لەپاڵ ئەمەشدا وێنەیەك لە خەیاڵمان بۆ دەقەكە دروست دەكات و وادەكات چێژێكی زیاتر بە دەقەكە ببەخشێ و وەرگرین. سەبارەت بە وێنەی شیعر ( كۆلێردج ) دەڵێ: (( شیعر بەبێ خوازە قەبارەیەكی بێ گیانە، چونكە وێنەی خوازەیی بە شێكە لەو وزەیەی، كە ژیان بە شاعیری دەبەخشێ )) (گەردی، ٢٠٠٤: ٣٠). لەم ڕوانگەیەوە مانەوەی شیعر و برەودان لە لایان نووسەرەوە بەندە بەو وێنە شیعریانەی بەكاریان دێنێ. (ئیزرا  پاوەند ) دەڵێ: (( باشتر وایە بە درێژایی ژیانت وێنەیەكی شیعری پێشكەش بكەی لە جیاتی ئەوەی كتێبێك بەرهەم بێنی))(گەردی،٢٠٠٤: ٣٠). وێنەی شیعری لە بنەما هەرە بنەڕەتیەكانە و بە هۆیەوە شاعیر دەتوانێ ئەفراندن بكات، چونكە وێنە چێژ و نەمری ئەدا بە شیعرەكە. ( دای لویس ) پێیوایە (( هەر قەسیدەیەك بۆخۆی وێنەیەكی شیعریە و لە كۆمەڵێ وێنەی شیعری تر پێكهاتووە)) (عەلی، ٢٠٠٧: ١٦٨). هەر دەقێكی ئەدەبی پەیامێكی هەیە لە پاڵ ئەمەشدا بە هۆی وێنەی شیعری مەبەست و پەیامەكە دەگەیەندرێ. وێنە گشتیەكە هاوكات پەیام و مەبەستی سەرەكییە. لەناو ئەو وێنە گشتیەشدا چەندین وێنەی شیعری لەخۆ گرتووە، كە مەعریفە و تێڕوانینی شاعیر  و باڵادەستی لە لایەنە هونەرییەكان نیشان دەدەن، بەم ڕێگایە و بەهۆی وێنەی شیعریەوە شاعیر پەیامەكەی دەگەیەنێ. (رۆبرت ئەندروز) دەڵێت: (( وێنەی شیعری نەك هەر ڕەگەزێكی گرنگ و سەرەكی شیعرە، بەڵكو بە جەوهەر و گیان و لاشەی شیعری دادەندرێت)) ( عومەر، ٢٠٠٩: ١٣٨). لە ڕاستیدا ئەم وێنانە گیانن لەبەر شیعر، ئەگەر هێنانە بەرچاوی ئەو وێنانە نەبن، چێژی شیعرەكە كەم دەبێتەوە.

شیعر بەبێ وێنەی شیعری ئەگەر نەشمرێ، بەڵام گرنگیەكی ئەوتۆی نابێت و پەراوێز دەخرێ.  (ف.بیلینسكی ) لە گۆشەیەكیتر باس لە وێنە دەكات و دەڵێ: (ئەو چاخە پڕ لە كامەرانییەی چاخی ' فانتازیا' بێ گەڕانەوە بەسەرچووە، كە مرۆڤ ئەیتوانی بە هەستی ' هێنانەبەرچاو' وەرامی هەموو پرسیارێكی وەربگرێتەوە. مرۆڤی ئێستا پێویستی بە وێنەی ڕەنگاوڕەنگی كالیدەسكۆپ نییە، بەڵكو پێویستی بە مایكرۆسكۆپ و تەلیسكۆپی هۆش هەیە، كە لە دووری نەبینراو نزیكی بكاتەوە) (تەقی، ٢٠٢٠: ١٨) لە مێژووی دوور و درێژی شیعردا یەكێك لە بنەڕەتەكان وێنەی شیعری بووە. بە هۆی گەشە و گۆڕانەوە بابەت و پێویستی و خواست گۆڕانی بەسەرداهاتووە. بەم جۆرە نووسەران هەوڵیانداوە لەگەڵ سەردەم و پێویستی كۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدابن. لەم چاخەشدا سەرنجی مرۆڤەكان لەسەر گەیشتنە بە هەقیقەت. عەقڵی سەرەتایی مرۆڤ ئەفسانەیی بوو، بەڵام ئەم چاخە زانستییە و مرۆڤایەتی لە هەر شتێك ئەنجامی دەوێ. لەبەر ئەوە وێنە شیعریەكان زیاتر بەلای هەقیقەت و ڕاستی دەڕۆن، كە سەردەمەكە ئەمە دەخوازێ. (سۆران مامەند عەبدوڵڵا) لە بارەی وێنەی شیعرییەوە، دەڵێت: (( شاعیران هەمیشە هەوڵیانداوە لەڕێگەی وێنە شیعرییەكانیانەوە، هەست و نەستی دڵ و دەروونی خۆیان بكەن بە تابلۆیەكی شیعری پڕ لە وێنەی هونەری ئێستێتیكی جوان، چونكە زۆربەی كات شاعیران لەڕێگەی وێنەی شیعرییەوە توانا شیعرییەكانیان دەخەنەڕوو. )) (عەبدوڵڵا، ٢٠١٦: ٤٤٥). شاعیر لە ڕێگەی وێنەی شیعریەوە، ئەوەی لە ناخیدایە، یاخود دونیابین و تێگەیشتنی خۆی دەردەبڕێت، بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵدەدا بە جوانترین شێوە دەری ببڕێت و باڵا دەستی خۆشی لە هونەرەكانی دەربڕین و دروستكردنی وێنە بخاتەڕوو، لەبەر ئەوەی باڵایی شاعیر لەو مەیدانە و ئاستی شاعیر لە تێگەیشتن و دونیابینین و مەعریفە و زانین لە وێنەی شیعری و ئەفراندن و ڕێكخستنیدا دەردەكەوێ

### ٢-١: وێنەی هەستی لە شیعرە کوردییەکانی صافی هیرانیدا:

### ٢-١- وێنەی هەستی:

وێنەی شیعری گرنگترین بنەڕەتی شیعرە، لەم ڕێگایەوە باشتر لە شیعرەکە دەگەین. هەر لە ڕێگای وێنەی شیعریەوە ڕەخنەگر پەی بە لایەنی باش و خراپ و بەرزی و نزمی شیعرەکە دەبا. شاعیر بە ئەفراندنی وێنە باڵادەستی خۆی لە مەیدانەکە دەردەخات. وێنەی شیعری لە بنەڕەتدا خەیاڵە. لەبەر ئەوە چەندین جۆر وێنەی خەیاڵی هەن، ئێمە لێرەدا باس لە وێنەی هەستی دەکەین، واتە ئەو وێنانەی بەر یەکێك لە پێنج هەستەکەی مرۆڤ دەکەون. هەموو ئەو شتانەی لە سروشت و دەوروبەری مرۆڤ هەن. مادین و بەر یەکێك لە هەستەکانی مرۆڤ دەکەون. نووسەر لە ئەفراندندا، وێنەی شیعری لەو مادانە دروستدەکات کە دەبنە وێنەی هەستی، بەڵام وەك ئەوەنا کە لە واقیعدا هەن ((دروستکردنی وێنە هەستیەکان تۆمارێکی فۆتۆگرافی سروشت و لاسایی کردنەوەی نییە. ڕاستە شاعیر لە ڕێگای هەستەکانەوە دەچێتە ناخی سروشت و دیمەنێکی سەرنج ڕاکێشی لێ وەردەگرێت، بەڵام وەکو خۆی وەری ناگرێ، بەڵکو گۆڕانی بەسەردا دێنێتن و دەیکا بە دروستکراوی خۆی)) (سلێوە،٢٠٠٩: ٣٥). ئەم گۆڕین و خوڵقاندنە لە دونیابینین و تێڕوانین و ئەندێشەی شاعیرەوە دروست دەکرێ. شاعیر وێنەکان وەك ئەوەی هەن نایانگوازێتەوە، بەلکو دایاندەڕێژێتەوە و دەیانکات بە داهێنان. کەواتە کاری ئێمە لەگەڵ ئەو وێنانەیە کە لە سروشت (فیزیك)هەن. لە شیعری کۆنی کوردیدا هەستەکان پێکهاتەیەکی گرنگن بۆ ئەفراندنی وێنەی شیعری. شاعیران لە ڕێگای هەستەکانیانەوە تێڕوانینی خۆیان بۆ ژیان و سروشت و بابەتەکانی دیکە دەربڕیوە. ((وێنەی هونەری بەری هەستەکانە کە هەڵدەستێ بە وەرگێڕانی مانا و بیرەکان لە زەینی شاعیردا) (سلێوە،٢٠٠٩: ٣٨).

شاعیر هەست بە دیاردە و دیمەنەکانی دەوروبەری دەکات، بە جۆرێکیتر دایان دەرێژێتەوە و بە هۆیانەوە پەیامێك دەگەیەنێت، بیر و ئەندەشەکەی بەهۆی خوڵقاندنی وێنەکانەوە دەداتە خوێنەر. (م.م. جویو) دەڵێ ((هەموو بەرهەمێك لەبەرهەمە دڵگیرەکانی هونەر هەروەك دەوترێت جگە لە گوزارشت کردن بەزمانی هەستی لە واتایەکی بەرز زیاتر هیچی تر نییە)) (عبدالقادر،٢٠١٥: ٨٦) وێنە هەستیەکان لە لایەن کەسانی هونەرمەندەوە دەردەبڕدرێن و توانا و لێهاتووی خۆیان دەردەخەن، بەمەش واتایەکی بەرزتر دەبەخشن، بێگومان واتای بەرزتر پەیوەندی بە باڵادەستی شاعیرەوە هەیە لە خوڵقاندنی وێنەکەدا. ((داونی/ J-E.Downey) وا دەبینێ، کە پێویستە وا لە وێنە بگەین کە بیرێك دەگرێتە خۆی تیایا تەرکیز دەکرێتە سەر ئەوەی، کە ئاگاداری خاسیەتێکی هەستی بین لە بری ئەوەی وەك دانەیەکی ماددی تێی بگەین)) (عبدالقادر،٢٠١٥: ٨٨). وێنە بەرهەمی چالاکی خەیاڵە هەتا خەیاڵ چالاك و بەتینتربێ وێنەی هونەری دڵڕفێنتر دەبێ. چالاکیی خەیاڵیش گواستنەوە و لەبەرگرتنەوەی شتە هەستیەکانی سروشت نییە، بەڵکو دووبارە دروستکردنەوە و دۆزینەوەی پەیوەندییە شاراوەکانی نێوان دیاریدەکانە و کۆکردنەوەی ڕەگەزە دوور لەیەك و دژ بەیەکەکانە. دووبارە دروستکردنەوەی شتە هەستیەکان لە وێنەی شیعریدا ڕێگەیەکی بێ وێنەیە لە پێکهاتنیاندا بەڕادەیەك وا لە وێنە دەکات، توانای ئەوەی هەبێت ((هەستە جیاوازەکان کۆبکاتەوە و جۆرە پەیوەندییەك لە نێوانیان دروست بکات، کە لە دەرەوەی سنووری وێنەدا بەرچاو ناکەوێ و ناتوانرێ تێی بگەن تەنیا بە تێگەیشتنی سروشتی خەیاڵ نەبێت، بەو پێیەی چالاکیەکی زەینیی خوڵقێنەرە و سنووری دەرك پێکراوەکانی دەبڕێ)) (سلێوە،٢٠٠٩: ٥٢) هەستەوەرەکان ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە ناتوانرێ پشت گوێ بخرێ یاخود لە بەهایان کەم بکرێتەوە، کە هەڵدەستن بەتەقاندنەوەی هەستی ناوەوەی شاعیر و هەنگاوە یەکەمەکانی کێشانی وێنەی هونەری دەکێشن. ((شیعر سیفەتەکەی ون دەکات ئەگەر پشت بە ڕەگەزەکانی هەستی نەبەستێ)) (الجانی،٢٠٠٩: ٣٣٢) بەو پێیەی هەستەکان بنەڕەتە هەرە گرنگەکانی بنیاتی وێنەی شیعرین.

وێنەی شیعری بنەمای دروستبوون و بە زیندوو مانەوەی شیعرەکەیە. دیارە وێنەی شیعری خۆی تەنیا بەهەستێکەوە نابەستێتەوە و وێنەی شیعری تەنیا وێنەی بینین لەزەینی گوێگر یا خوێنەر ناوروژێنێ، بەڵکو ئەو وێنانە دەوروژێنێ، کە پەیوەستە بەگشت هەستەکانی ئادەمیزادەوە، ئەمەش شتێکی ئاساییە، چونکە ((وێنە لە شیعردا لە ئەنجامی هاریکاری گشت هەستەکان و گشت تواناکانەوەیە)) (گەردی،٢٠٠٣: ١٥٥) هاریکاری هەیە لە نوان هەستەکان بۆ دروستبوونی وێنەیەکی باڵاتر، جگە لەمەش توانا مەعریفی و هۆشیاری و فراوانی خەیاڵی شاعیر و شارەزایی نووسەر لە ئەفراندندا وادەکات وێنە شیعریەکە بەرزتربێ. زانایان وێنەی هەستیان بەپێی هەستەکانی مرۆڤ دابەشکردووە بۆ وێنەی بینین، بیستن، چەشتن، بۆنکردن، دەستلێدان ((دەتوانرێ دابەشبکرێ بەپێی پلەی ڕەنگەکانی، پلەی ڕوونی. وێنەی دەستلێدان دەتوانرێ بەپێی پلەکانی گەرمی و ساردی دابەشبکرێ، یاخود زبری و لووسی یان نەرمی و رەقی)) (گەردی،٢٠٠٣،ل١٥٦).هەستی مرۆڤ بڕیاردەدا لەسەر وێنەکە، کامە هەست بەشدارە لە بنیاتی وێنەکەدا، چونکە ((ڕەنگ و ڕووخساری شتەکان هەستەکان ڕەنگدەداتەوە و جوڵانێك لەمێشك دروست دەکات. کارتێکردنی ئەو شتانە جیاوازی دەبێت لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی تر)) (سلێوە،٢٠٠٩: ٦٥). لایەنی دەروونی مرۆڤ و خواستیان لە یەکتر جیاوازە ئەمە وادەکات وێنەکان وەك

یەك بە یەکسانی کاریگەری نەکەنە سەر خوێنەر، بەڵکو کاریگەرییەکان لە وێنەیەکەوە بۆ یەکێکتر و لە مرۆڤێکەوە بۆ یەکێکتر جیاواز دەبێت.

| لەم خشتەییەی خوارەوە ڕێژە و ئاماری سەرجەم وێنە شیعری و هەستیەکان لە شیعرە کوردییەکانی صافی هیراندا لەگەڵ ژمارەی لاپەڕەکان خراوەتەڕوو:جۆری وێنە | ژمارەی وێنە شیعریەکە و (ژمارەی لاپەڕە ) | کۆی گشتی وێنەکان |
|---|---|---|
| وێنەی دەروونی | (ل١٦١:د١)، (ل١٦٢:د٢)، (ل١٦٢:د٣)، (ل١٦٦:د٤)، (ل١٦٩:د٥)، (ل١٧٠:د٦)، (ل١٧٠:د٧)، (ل١٧٢: د٨)، (ل١٧٥:د٩)، (ل١٧٢:د١٠): (ل١٧٣:د١١)، (ل١٧٥:د١٢)، (ل١٧٦:د١٣)، (ل١٧٦:د١٤)، (ل١٧٦:د١٥)، (ل١٧٦:د١٦)، (ل١٧٧:د١٧)، (ل١٧٧:د١٨)، (ل١٧٩:د١٩)، (ل١٨٠:د٢٠)، (ل١٨٠:د٢١)، (ل١٨٢:د٢٢)، (ل١٨٣:د٢٣)، (ل١٨٥:د٢٤)،(ل١٨٥:د٢٥)، (ل١٨٦:د٢٦)، (ل١٨٦:د٢٧)، (ل١٨٧:د٢٨)، (ل١٨٨:د٢٩)، (ل١٨٩:د٣٠)، (ل١٩٢:د٣١)، (ل١٩٢:د٣٢)، (ل١٩٢:د٣٣)، (ل١٩٣:د٣٤)، (ل١٩٣:د٣٥)، (ل١٩٤:د٣٦)، (ل١٩٤:د٣٧)، (ل١٩٥:د٣٨)، (ل١٩٥:د٣٩)، (ل١٩٦:د٤٠)، (ل١٩٦:د٤١)، (ل١٩٦:د٤٢)، (ل١٩٧:د٤٣)، (ل١٩٧:د٤٤)، (ل٩٨:د٤٥)، (ل١٩٩:د٤٦)، (ل١٩٩: د٤٧)، (ل٢٠٠:د٤٨)، (ل٢٠٠:د٤٩)، (ل٢٠٠:د٥٠)، (ل٢٠٢:د٥١)، (ل٢٠٢:د٥٢)، (ل٢٠٣:د٥٣)، (ل٢٠٣:د٥٤)، (ل٢٠٤:د٥٥)، (ل٢٠٤:د٥٦)، (ل٢٠٦:د٥٧)، (ل٢٠٦:د٥٨)، (ل٢٠٦:د٥٩)، (ل٢٠٦:د٦٠)، (ل٢٠٧:د٦١)، (ل٢٠٨:د٦٢)، (ل٢٠٨:د٦٣)، (ل٢٠٨:د٦٤)، (ل٢٠٩:د٦٥)، (ل٢٠٩:د٦٦)، (ل٢٠٩:د٦٧)، (ل٢١٠:د٦٨)، (ل٢١٠:د٦٩)، (ل٢١٠:د٧٠)، (ل٢١١:د٧١)، (ل٢١٢:د٧٢)، (ل٢١٣:د٧٣)، (ل٢١٣ڵ:د٧٤)، (ل٢١٣:د٧٥)، (ل٢١٤:د٧٦)، (ل٢١٤:د٧٧)، (ل٢١٦:د٧٨)، (ل٢١٦:د٧٩)، (ل٢١٦:د٨٠)، (ل٢١٧:د٨١)، (ل٢١٧:د٨٢)، (ل٢١٨:د٨٣)، (ل٢١٨:د٨٤)، (ل٢١٩:د٨٥)، (ل٢١٩:د٨٦)، (ل٢١٩:د٨٧)، (ل٢٢٠:د٨٩)، (ل٢٢٠:د٩٠)، (ل٢٢٠:د٩١)، (ل٢٢١:د٩٢)، (ل٢٢١:د٩٣)، (ل٢٢٢:د٩٤)، (ل٢٢٣:د٩٥)، (ل٢٢٤:د٩٦)، (ل٢٢٥:د٩٧)، (ل٢٢٥:د٩٨)، (ل٢٢٥:د٩٩)، (ل٢٢٥:د١٠٠)، (ل٢٢٦:د١٠١)، (ل٢٢٦:د١٠٢)، (ل٢٢٦:د١٠٣)، (ل٢٢٦:د١٠٤)، (ل٢٢٧:د١٠٥)، (ل٢٢٧:د١٠٦)، (ل٢٢٨:د١٠٧)، (ل٢٢٨:د١٠٨)، (ل٢٢٩:د١٠٩)، (ل٢٢٩:د١١٠)، (ل٢٣٠:د١١١)، (ل٢٣١:د١١٢)، (ل٢٣٢:د١١٣)، (ل٢٣٢:د١١٤)، (ل٢٣٤:د١١٥)، (ل٢٣٤:د١١٦)، (ل٢٣٦:د١١٧)، (ل٢٣٦:د١١٨)، (ل٢٣٩:د١١٩)، (ل٢٤٠:د١٢٠)، (ل٢٤٢:د١٢١)، (ل٢٤٣:د١٢٢)، (ل٢٤٥:د١٢٣)، (ل٢٤٥:د١٢٤)، (ل٢٤٧:د١٢٥)، (ل٢٤٧:د١٢٦)، (ل٢٤٨:د١٢٧)، (ل٢٤٨:د١٢٨)، (ل٢٥٠:د١٢٩)، (ل٢٥٠:د١٣٠)، (ل٢٥١:د١٣١)، (ل٢٥١:د١٣٢)، (ل٢٥٣:د١٣٣)، (ل٢٥٤:د١٣٤)، (ل٢٥٥:د١٣٥)، (ل٢٥٦:د١٣٦)، (ل٢٥٧:د١٣٧)، (ل٢٥٧:د١٣٨)، (ل٢٥٧:د١٣٩)، (ل٢٥٨:د١٤٠)، (ل٢٥٨:د١٤١)، (ل٢٥٩:د١٤٢)، (ل٢٦٥:د١٤٣)، (ل٢٦٥:د١٤٤)، (ل٢٦٥:د١٤٥)، (ل٢٦٨:د١٤٦)، (ل٢٦٨:د١٤٧)، (ل٢٦٩:د١٤٨)، (ل٢٧٠د١٤٩)، (ل٢٧١:د١٥٠)، (ل٢٧١:د١٥١)، (ل٢٧١:د١٥٢)، (ل٢٧١:د١٥٣)، (ل٢٧٧:د١٥٤)، (ل٢٧٧:د١٥٥)، (ل٢٧٧:د١٥٦)، (ل٢٧٧:د١٥٧)، (ل٢٨٠:د١٥٨)، (ل٢٨١:د١٥٩)، (ل٢٨١:د١٦٠)، (ل٢٨٣:د١٦١)، (ل٢٨٨:د١٦٢)، (ل٢٨٨:د١٦٣)، (ل٢٨٩:د١٦٤)، (ل٢٨٩:د١٦٥)، (ل٢٨٩:د١٦٦)، (ل٢٨٩:د١٦٧)، (ل٢٨٩:د١٦٨)، (ل٢٩٠:د١٦٩)، (ل٢٩٠:د١٧٠)، | ٢٠٢ |

| | | |
|---|---|---|
| | (ل٢٩١:د١٧١)، (ل٢٩٤:د١٧٢)، (ل٢٩٤:د١٧٣)، (ل٢٩٥:د١٧٤)، (ل٢٩٥:د١٧٥)، (ل٢٩٦:د١٧٦)، (ل٢٩٦:د١٧٧)، (ل٢٩٧:د١٧٨)، (ل٢٩٧:د١٧٩)، (ل٢٩٧:د١٨٠)، (ل٢٩٧:د١٨١)، (ل٢٩٨:د١٨٢)، (ل٢٩٨:د١٨٣)، (ل٢٩٨:د١٨٤)، (ل٢٩٨:د١٨٥)، (ل٢٩٩:د١٨٦)، (ل٢٩٩:د١٨٧)، (ل٣٠٠:د١٨٨)، (ل٣٠٠:د١٨٩)، (ل٣٠١:د١٩٠)، (ل٣٠١:د١٩١)، (ل٣٠٢:د١٩٢)، (ل٣٠٢:د١٩٣)، (ل٣٠٢:د١٩٤)، (ل٣٠٢:د١٩٥)، (ل٣٠٢:د١٩٦)، (ل٣٠٢:د١٩٧)، (ل٣٠٣:د١٩٨)، (ل٣٠٣:د١٩٩)، (ل٣٠٢:د٢٠٠)، (ل٣٠٥:د٢٠١)، (ل٣٠٨:د٢٠٢) | |
| وێنەی ژێری | (ل١٦٠: ژ ١) (ل ١٦١: ژ٢) (ل١٦١:ژ٣)، (ل١٦٢:ژ٤)، (ل١٦٢:ژ٥)، (ل١٦٢:ژ٦)، (ل١٦٤:ژ٧)، (ل١٦٦:ژ٨)، (ل١٦٧:ژ٩)، (ل١٦٧:ژ١٠)، (ل١٦٧:ژ١١)، (ل١٦٨:ژ١٢)، (ل١٦٨:ژ١٣)، (ل١٦٩:ژ١٤)، (ل١٧٢:ژ١٥)، (ل١٧٥:ژ١٦)، (ل١٧٧:ژ١٧)، (ل١٧٨:ژ١٨)، (ل١٧٩:ژ١٩)، (ل١٨٠:ژ٢٠)، (ل١٨٢:ژ٢١)، (ل١٨٣:ژ٢٢)، (ل١٨٥:ژ٢٣)، (ل١٨٦:ژ٢٤)، (ل١٨٧:ژ٢٥)، (ل١٨٧:ژ٢٦)، (ل١٨٨:ژ٢٧)، (ل١٩١:ژ٢٨)، (ل١٩٤:ژ٢٩)، (ل١٩٦:ژ٣٠)، (ل١٩٦:ژ٣١)، (ل١٩٧:ژ٣٢)، (ل١٩٨:ژ٣٣)، (ل١٩٩:ژ٣٤)، (ل٢٠٠:ژ٣٥)، (ل٢٠٠:ژ٣٦)، (ل٢٠١:ژ٣٧)، (ل٢٠١:ژ٣٨)، (ل٢٠٢:ژ٣٩)، (ل٢٠٣:ژ٤٠)، (ل٢٠٧:ژ٤١)، (ل٢١١:ژ٤٢)، (ل٢١١:ژ٤٣)، (ل٢١٢:ژ٤٤)، (ل٢١٣:ژ٤٥)، (ل٢١٤:ژ٤٦)، (ل٢١٤:ژ٤٧)، (٢١٩:ژ٤٨)، (ل٢٢٠:ژ٤٩)، (ل٢٢٠:ژ٥٠)، (ل٢٢٦:ژ٥١)، (ل٢٢٩:ژ٥٢)، (ل٢٣٠:ژ٥٣)، (ل٢٣٢:ژ٥٤)، (ل٢٣٢:ژ٥٥)، (ل٢٣٢:ژ٥٦)، (ل٢٣٥:ژ٥٧)، (ل٢٣٥:ژ٥٨)، (ل٢٣٥:ژ٥٩)، (ل٢٣٦:ژ٦٠)، (ل٢٣٧:ژ٦١)، (ل٢٣٨:ژ٦٢)، (ل٢٣٨:ژ٦٣)، (ل٢٣٩:ژ٦٤)، (ل٢٤٤:ژ٦٥)، (ل٢٥٥:ژ٦٦)، (ل٢٦٣:ژ٦٧)، (ل٢٦٣:ژ٦٨)، (ل٢٦٣:ژ٦٩)، (ل٢٦٤:ژ٧٠)، (ل٢٦٧:ژ٧١)، (ل٢٦٩:ژ٧٢)، (ل٢٦٩:ژ٧٣)، (٢٧٢:ژ٧٤)، (ل٢٧٣:ژ٧٥)، (ل٢٧٦:ژ٧٦)، (ل٢٧٦:ژ٧٧)، (ل٢٧٨:ژ٧٨)، (ل٢٧٨:ژ٧٩)، (ل٢٧٩:ژ٨٠)، (ل٢٨٢:ژ٨١)، (ل٢٨٥:ژ٨٢)، (ل٢٨٦٧:ژ٨٣)، (ل٢٨٧:ژ٨٤)، (ل٢٨٧:ژ٨٥)، (ل٢٨٨:ژ٨٦)، (ل٢٨٩:ژ٨٧)، (ل٢٩٠:ژ٨٨)، (ل٢٩٣:ژ٨٩)، (ل٢٩٣:ژ٩٠)، (ل٢٩٤:ژ٩١)، (ل٢٩٤:ژ٩٢)، (ل٢٩٦:ژ٩٣)، (ل٢٩٧:ژ٩٤)، (ل٢٩٧:ژ٩٥)، (ل٢٩٧:ژ٩٦)، (ل٢٩٧:ژ٩٧)، (ل٢٩٨:ژ٩٨)، (ل٢٩٩:ژ٩٩)، (ل٣٠٢:ژ١٠٠)، (ل٣٠٢:ژ١٠١)، (ل٣٠٣:ژ١٠٢)، (ل٣٠٤:ژ١٠٣)، (ل٣٠٤:ژ١٠٤)، (ل٣٠٥:ژ١٠٥) ، (ل٣٠٥:ژ١٠٦) ، (ل٣٠٥:ژ١٠٧) ، (ل٣٠٥:ژ١٠٨) ، (ل٣٠٥:ژ١٠٩)، (ل٣٠٦:ژ١١٠) ، (ل٣٠٦:ژ١١١) ، (ل٣٠٦:ژ١١٢) ، (ل٣٠٦:ژ١١٣) ، (ل٣٠٦:ژ١١٤) ، (ل٣٠٧:ژ١١٥) ، (ل٣٠٧:ژ١١٦)، (ل٣٠٧:ژ١١٧) ، (ل٣٠٨:ژ١١٨) ، (ل٣٠٨:ژ١١٩) ، (ل٣٠٩:ژ١٢٠) ، (ل٣٠٩:ژ١٢١) | ١٢١ |
| وێنەی هەستی بینین | (ل١٦٠:ە.ب١)، (ل١٦٢:ە.ب٢)، (ل١٦٣:ە.ب٣)، (ل١٦٣:ە.ب٤)، (ل١٦٣:ە.ب٥)، (ل١٦٤:ە.ب٦)، (ل١٦٤:ە.ب٧)، (ل١٦٤:ە.ب٨)، (ل١٦٥:ە.ب٩)، (ل١٦٦:ە.ب١٠)، (ل١٦٧:ە.ب١١)، (ل١٦٨:ە.ب١٢)، (ل١٦٩:ە.ب١٣)، (ل١٧٠:ە.ب١٤)، (ل١٧١:ە.ب١٥)، (ل١٧١:ە.ب١٦)، (ل١٧٣:ە.ب١٧)، (ل١٧٣:ە.ب١٨)، (ل١٧٤:ە.ب١٩)، (ل١٧٥:ە.ب٢٠)، (ل١٧٦:ە.ب٢١)، (ل١٧٧:ە.ب٢٢)، (ل١٧٧:ە.ب٢٣)، (ل١٨١:ە.ب٢٤)، (ل١٨١:ە.ب٢٥)، (ل١٨٤:ە.ب٢٦)، (ل١٩٦:ە.ب٢٧)، (ل١٩٧:ە.ب٢٨)، (ل٢٠١:ە.ب٢٩)، (ل٢٠٢:ە.ب٣٠)، (ل٢٠٣:ە.ب٣١)، (ل٢٠٤:ە.ب٣٢)، (ل٢٠٥:ە.ب٣٣)، (ل٢٠٥:ە.ب٣٤)، (ل٢٠٥:ە.ب٣٥)، (ل٢٠٦:ە.ب٣٦)، (ل٢٠٦:ە.ب٣٧)، (ل٢٠٦:ە.ب٣٨)، (ل٢٠٧:ە.ب٣٩)، (ل٢٠٨:ە.ب٤٠)، (ل٢٠٩:ە.ب٤١)، (ل٢١١:ە.ب٤٢)، (ل٢١٣:ە.ب٤٣)، (ل٢١٥:ە.ب٤٤)، (ل٢١٦:ە.ب٤٥)، (ل٢١٦:ە.ب٤٦)، (ل٢١٨:ە.ب٤٧)، (ل٢١٩:ە.ب٤٨)، (ل٢١٩:ە.ب٤٩)، (ل٢٢١:ە.ب٥٠)، (ل٢٢١:ە.ب٥١)، (ل٢٢٢:ە.ب٥٢)، (ل٢٢٢:ە.ب٥٣)، (ل٢٢٣:ە.ب٥٤)، (ل٢٢٤:ە.ب٥٥)، (ل٢٢٤:ە.ب٥٦)، (ل٢٢٦:ە.ب٥٧)، (ل٢٢٦:ە.ب٥٨)، (ل٢٢٧:ە.ب٥٩)، (ل٢٣٠:ە.ب٦٠)، (ل٢٣١:ە.ب٦١)، (ل٢٣١:ە.ب٦٢)، (ل٢٣٢:ە.ب٦٣)، (ل٢٣٥:ە.ب٦٤)، (ل٢٣٦:ە.ب٦٥)، (ل٢٣٧:ە.ب٦٦)، (ل٢٣٧:ە.ب٦٧)، (ل٢٣٨:ە.ب٦٨)، (ل٢٣٨:ە.ب٦٩)، (ل٢٣٨:ە.ب٧٠)، (ل٢٣٩:ە.ب٧١)، (ل٢٤٠:ە.ب٧٢)، (ل٢٤٢:ە.ب٧٣)، (ل٢٤٢:ە.ب٧٤)، (ل٢٤٢:ە.ب٧٥)، (ل٢٤٣:ە.ب٧٦)، (ل٢٤٤:ە.ب٧٧)، (ل٢٤٥:ە.ب٧٨)، (ل٢٤٥:ە.ب٧٩)، (ل٢٤٥:ە.ب٨٠)، (ل٢٤٦:ە.ب٨١)، (ل٢٤٦:ە.ب٨٢)، (ل٢٤٦:ە.ب٨٣)، (ل٢٤٦:ە.ب٨٤)، | ١٣٦ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | (ل٢٤٦:ە.ب٨٥)، (ل٢٤٧:ە.ب٨٦)، (ل٢٤٧:ە.ب٨٧)، (ل٢٤٨:ە.ب٨٨)، (ل٢٥٠:ە.ب٨٩)، (ل٢٥٢:ە.ب٩٠)، (ل٢٥٤:ە.ب٩١)، (ل٢٥٦:ە.ب٩٢)، (ل٢٥٧:ە.ب٩٣)، (ل٢٥٨:ە.ب٩٤)، (ل٢٥٩:ە.ب٩٥)، (ل٢٥٩:ە.ب٩٦)، (ل٢٦١:ە.ب٩٧)، (ل٢٦١:ە.ب٩٨)، (ل٢٦٢:ە.ب٩٩)، (ل٢٦٢:ە.ب١٠٠)، (ل٢٦٥:ە.ب١٠١)، (ل٢٦٦:ە.ب١٠٢)، (ل٢٦٦:ە.ب١٠٣)، (ل٢٦٦:ە.ب١٠٤)، (ل٢٦٨:ە.ب١٠٥)، (ل٢٧٠:ە.ب١٠٦)، (ل٢٧٢:ە.ب١٠٧)، (ل٢٧٧:ە.ب١٠٨)، (ل٢٨٠:ە.ب١٠٩)، (ل٢٨٣:ە.ب١١٠)، (ل٢٨٤:ە.ب١١١)، (ل٢٨٤:ە.ب١١٢)، (ل٢٨٤:ە.ب١١٣)، (ل٢٨٥:ە.ب١١٤)، (ل٢٨٦:ە.ب١١٥)، (ل٢٨٩:ە.ب١١٦)، (ل٢٨٩:ە.ب١١٧)، (ل٢٨٩:ە.ب١١٨)، (ل٢٩٠: ە.ب١١٩)، (ل٢٩٠:ە.ب١٢٠)، (ل٢٩١:ە.ب١٢١)، (ل٢٩١:ە.ب١٢٢)، (ل٢٩٢:ە.ب١٢٣)، (ل٢٩٣:ە.ب١٢٤)، (ل٢٩٣:ە.ب١٢٥)، (ل٢٩٤:ە.ب١٢٦)، (ل٢٩٦:ە.ب١٢٧)، (ل٢٩٨:ە.ب١٢٨)، (ل٢٩٩:ە.ب١٢٩)، (ل٣٠٠:ە.ب١٣٠)، (ل٣٠٠:ە.ب١٣١)، (ل٣٠٣:ە.ب١٣٢)، (ل٣٠٤:ە.ب١٣٣)، (ل٣٠٥:ە.ب١٣٤)، (ل٣٠٨:ە.ب١٣٥)، (ل٣٠٩:ە.ب١٣٦) | |
| وێنەی بیستن | هەستی | (ل١٦٠:ە.بیس١)، (ل١٦١:ە.بیس٢)، (ل١٦٧:ە.بیس٣)، (ل١٦٩:ە.بیس٤)، (ل١٧٠:ە.بیس٥)، (ل١٧١:ە.بیس٦)، (ل١٧١:ە.بیس٧)، (ل١٧٣:ە.بیس٨)، (ل١٧٤:ە.بیس٩)، (ل١٧٥:ە.بیس١٠)، (ل١٧٦:ە.بیس١١)، (ل١٧٦:ە.بیس١٢)، (ل١٧٦:ە.بیس١٣)، (ل١٧٧:ە.بیس١٤)، (ل١٧٨:ە.بیس١٥)، (ل١٧٨:ە.بیس١٦)، (ل١٧٩:ە.بیس١٧)، (ل١٧٩:ە.بیس١٨)، (ل١٨٦:ە.بیس١٩)، (ل١٨٧:ە.بیس٢٠)، (ل١٩٤:ە.بیس٢١)، (ل١٩٥:ە.بیس٢٢)، (ل١٩٧:ە.بیس٢٣)، (ل٢٠١:ە.بیس٢٤)، (ل٢٠١:ە.بیس٢٥)، (ل٢٠٣:ە.بیس٢٦)، (ل٢٠٣:ە.بیس٢٧)، (ل٢٠٤:ە.بیس٢٨)، (ل٢٠٤:ە.بیس٢٩)، (ل٢٠٧:ە.بیس٣٠)، (ل٢٠٩:ە.بیس٣١)، (ل٢٠٩:ە.بیس٣٢)، (ل٢١٠:ە.بیس٣٣)، (ل٢١٠:ە.بیس٣٤)، (ل٢١٠:ە.بیس٣٥)، (ل٢١٢:ە.بیس٣٦)، (ل٢١٣:ە.بیس٣٧)، (ل٢١٨:ە.بیس٣٨)، (ل٢١٨:ە.بیس٣٩)، (ل٢٢٠:ە.بیس٤٠)، (ل٢٢١:ە.بیس٤١)، (ل٢٢١:ە.بیس٤٢)، (ل٢٢١:ە.بیس٤٣)، (ل٢٢٣:ە.بیس٤٤)، (ل٢٢٣:ە.بیس٤٥)، (ل٢٢٤:ە.بیس٤٦)، (ل٢٢٩:ە.بیس٤٧)، (ل٢٣١:ە.بیس٤٨)، (ل٢٣٢:ە.بیس٤٩)، (ل٢٣٢:ە.بیس٥٠)، (ل٢٣٢:ە.بیس٥١)، (٢٣٤:ە.بیس٥٢)، (ل٢٣٦:ە.بیس٥٣)، (ل٢٣٦:ە.بیس٥٤)، (ل٢٣٧:ە.بیس٥٥)، (ل٢٤٠:ە.بیس٥٦)، (ل٢٤٠:ە.بیس٥٧)، (ل٢٤١:ە.بیس٥٨)، (٢٤٨:ە.بیس٥٩)، (ل٢٥٠:ە.بیس٦٠)، (ل٢٥١:ە.بیس٦١)، (ل٢٥٢:ە.بیس٦٢)، (ل٢٥٣:ە.بیس٦٣)، (ل٢٥٤:ە.بیس٦٤)، (ل٢٥٤:ە.بیس٦٥)، (ل٢٥٤:ە.بیس٦٦)، (ل٢٥٥:ە.بیس٦٧)، (ل٢٥٦:ە.بیس٦٨)، (ل٢٥٧:ە.بیس٦٩)، (ل٢٥٨:ە.بیس٧٠)، (ل٢٥٨:ە.بیس٧١)، (ل٢٦٠:ە.بیس٧٢)، (ل٢٦٤:ە.بیس٧٣)، (ل٢٦٤:ە.بیس٧٤)، (ل٢٦٤:ە.بیس٧٥)، (ل٢٦٥:ە.بیس٧٦)، (ل٢٧٣:ە.بیس٧٧)، (ل٢٨٠:ە.بیس٧٨)، (ل٢٨١:ە.بیس٧٩)، (ل٢٨١:ە.بیس٨٠)، (ل٢٨١:ە.بیس٨١)، (ل٢٨٢:ە.بیس٨٢)، (ل٢٨٢:ە.بیس٨٣)، (ل٢٨٢:ە.بیس٨٤)، (ل٢٨٢:ە.بیس٨٥)، (ل٢٨٣:ە.بیس٨٦)، (ل٢٨٣:ە.بیس٨٧)، (ل٢٨٤:ە.بیس٨٨)، (ل٢٨٤:ە.بیس٨٩)، (ل٢٨٥:ە.بیس٩٠)، (ل٢٨٦:ە.بیس٩١)، (ل٢٨٨:ە.بیس٩٢)، (ل٢٨٨:ە.بیس٩٣)، (ل٢٨٨:ە.بیس٩٤)، (ل٢٨٩:ە.بیس٩٥)، (ل٢٨٩:ە.بیس٩٦)، (ل٢٨٩:ە.بیس٩٧)، (ل٢٩٠:ە.بیس٩٨)، (ل٢٩١:ە.بیس٩٩)، (ل٢٩٢:ە.بیس١٠٠)، (٢٩٣:ە.بیس١٠١)، (ل٢٩٥:ە.بیس١٠٢)، (ل٣٠١:ە.بیس١٠٣)، (ل٣٠٢:ە.بیس١٠٤)، (ل٣٠٢:ە.بیس١٠٥)، (ل٣٠٣:ە.بیس١٠٦)، (ل٣٠٣:ە.بیس١٠٧)، (ل٣٠٤:ە.بیس١٠٨)، (ل٣٠٤:ە.بیس١٠٩)، (ل٣٠٥:ە.بیس١١٠)، (ل٣٠٨:ە.بیس١١١) | ١١١ |
| وێنەی چەشتن | هەستی | (ل١٦٠:ە.چ١)، (١٦٧:ە.چ٢)، (ل١٧٤:ە.چ٣)، (ل١٧٨:ە.چ٤)، (ل١٩٤:ە.چ٥)، (ل١٩٥:ە.چ٦)، (ل١٩٨:ە.چ٧)، (ل٢٠٥:ە.چ٨)، (ل٢٣١:ە.چ٩)، (ل٢٤٣:ە.چ١٠)، (ل٢٤٦:ە.چ١١)، (ل٢٤٩:ە.چ١٢)، (ل٢٦٦:ە.چ١٣)، (ل٢٦٨:ە.چ١٤)، (ل٢٨٤:ە.چ١٥)، (ل٢٨٩:ە.چ١٦)، (ل٢٨٩:ە.چ١٧)، (ل٣٠٥:ە.چ١٨) | ١٨ |
| وێنەی بۆنکردن | هەستی | (ل١٧٥: ە.بۆن١)، (ل٢٨٥: ە.بۆن ٢٨٥) | ٢ |
| وێنەی بەرکەوتن | هەستی | (ل١٦١:ە.ب١)، (ل١٧٤:ە.ب٢)، (ل١٧٨:ە.ب٣)، (ل١٨٦:ە.ب٤)، (ل٢٠٠:ە.ب٥)، (ل٢٠٦:ە.ب٦)، (ل٢٩٨:ە.ب٧)، (ل٢١٢:ە.ب٨)، (٢١٨:ە.ب٩)، (ل٢٢٠:ە.ب١٠)، (ل٢٢٦:ە.ب١١)، (ل٢٢٧:ە.ب١٢)، | ٢٦ |

| | | |
|---|---|---|
| | (ل٢٢٩.ە:ب١٣)، (ل٢٣٠.ە:ب١٤)، (ل٢٣٩.ە:ب١٥)، (ل٢٤١.ە:ب١٦)، (ل٢٤٨.ە:ب١٧)، (ل٢٤٩.ە:ب١٨)، (ل٢٦٠.ە:ب١٩)، (ل٢٦٩.ە:ب٢٠)، (ل٢٧١.ە:ب٢١)، (ل٢٨٢.ە:ب٢٢)، (ل٢٨٩.ە:ب٢٣)، (ل٢٩٥.ە:ب٢٤)، (ل٣٠٥.ە:ب٢٥)، (ل٣٠٧.ە:ب٢٦) | |
| کۆی گشتی | | ٦١٦ |

## جۆرەکانی وێنەی هەستی لە شیعرە کوردییەکانی صافی هیرانیدا

### بەشێوەیەکی گشتی وێنەی هەستی لەمانەی خوارەوە پێکدێ:

#### ٢-١-١: هەستی بینین :-

ئەو وێنانەن کە بەر هەستی بینین دەکەون و لە ڕێی چاوەوە دەبینرێت، شاعیر لەو وێنانەی کە بەچاوەکانی دەیانبینێت، وێنەی هونەری جوان دروست دەکات. هەستی بینین لە هەستەکانی دیکە کاریگەرترە و لە هەستە سەرەکییەکانی مرۆڤە ((هەستی بینین لە ژیانی مرۆڤدا زانیاریەکی زۆر دەگەیەنێت بە مێشك، بەبێ ئەوەی بەریەك کەوتنی ڕاستەوخۆ لە نێوان مرۆڤ و شتەکان پێویست بکات)) (شێخ بزێنی، ٢٠١١:ل ١٨٥). بەشی هەرە زۆری مادەکانی لە سروشتدا هەن لە ڕێگای بینینەوە دەگەن بە مرۆڤ. واتە هەموو شتە بیندراوەکان دەگرێتەوە. هەستی بینین بە چالاکترین و کاریگەرترین هەستی مرۆڤ دادەندرێت. وێنەی شیعری ڕێژەیەکی زۆری بەر ئەم هەستە دەکەوێ. ((بە گرنگترین پێکهاتە هەستییەکان هەژمار دەکرێت و بە دیارترین ڕەگەزەکانی دروستکردنی بینراو، چونکە پانتایەك لە بۆشای گەردوونی وێنەدا دروستدەکات)) (احمد، ٢٠٢٢: ٩١) ئەو شتانەی لە سروشتدا دەبیندرێن بە تایبەتی ڕەنگەکانیان شاعیر وێنەی جوانیان لێ پێکدێنێت، لەبەر ئەوەی ئەو وێنانەی، کەبەر هەستی بینین دەکەون لەو شتانەدا وەرگیراون، کە لە سروشت و دەوروبەریدا دەبینرێت و وەردەگیرێت و وێنەی هونەرییان لێ دروست دەکرێت، کە زیاتر کاریگەری لەسەر خوێنەر جێدێڵن. شاعیر لە کۆیی (616) وێنەی شیعری، (١٣٦) وێنەی لەڕێگەی هەستی بینینەوە بونیاتناوە، کە دەکاتە ڕێژەی (٢٢%). وەک لەم شیعردا، دەڵێ:

**ڕۆژی عیدە عادەتە دەستی حەنایی کا مەگەر**

**سا کەوابێ دێ بە خوێنم پەنجەکەی ڕەنگین دەگا** (صافی، ٢٠١٥: ١٦٣).

لەم دێڕەدا شاعیر دیمەنی جەژن و خۆشی و جوانی خۆ ڕازاندنەوەی نیشانداوە، عادەتەن کچانی کورد لە جەژندا دەستیان لە خەنە (حەنا) دەگرت. بەڵام کە دیمەنی ڕشتنی خوێن دەردەخات لە ڕۆژی جەژن بۆمان دەردەکەوێ جەژنی قوربانە. کەواتە قوربانیەکە بە ڕژانی خوێنی شاعیر دەست پێدەکا. لەم وێنەیەدا لە جەژن و خۆشیدا ڕژانی خوێنی کەسێک و ڕەنگینی پەنجەی یار پەردە لەسەر ئەو پەنهانە هەڵدەداتەوە کە کوشتەی دەستی یارە. لە لایەکیتر شاعیر ڕەنگی سوری خەنەی بۆ پەنجەکانی یار پێ جوانترنییە لە خوێنی خۆی، کە ڕەنگین بوونی پەنجەکانی بە خوێنی ئەو دەبێ، کەواتە لە لێکچواندنی خوێنی خۆی و سوری خەنە ڕەنگی خوێنی خۆی بە شایستەتر دەزانێ هەتا پەنجەکانی یار ڕەنگینتربن. کەواتە لەم وێنەیەدا دیمەنی جەژنی قوربان و قوربانیکردن دەبینین، وە پەردە لادانە لەسەر ئەو نهێنیەی، کە کێ قوربانیەکەیە و هێشتا ڕەنگی سوری خوێنی خۆی لە خەنە بە جوانتر دەزانێ بۆ ڕەنگین بوونی پەنجەی یار.

#### ٢-١-٢: هەستی بیستن :-

ئەو وێنانە دەگرێتەوە کە بەر هەستی بیستن دەکەون، ئەو دەنگانەن لە ڕێگەی گوێچکەکانەوە دەبیسترێن، شاعیر ئەو دەنگانە بەهۆی هەستی بیستنیەوە دەبیستێت و لە نێو شیعرەکانیدا هەوڵدەدات وێنەیەکی جوانی بۆ دروست بکات، بۆ نموونە ( دەنگی یار و ترپەی پێی یان قاسپەی کەو یان خوێندنی بولبول ....هتد). (( هەر وێنەیەکی هونەری لەسەر بنەمای دەنگ، یان ئاواز، یان مۆسیقا بنیات نرابێ، ئەوا لە ڕێگەی هەستی بیستنەوە باشتر وەردەگیرێ و هەست بە خۆشی و جوانی وێنەکە دەکرێ)) (شێخ بزێنی، ٢٠١١: ١٨٥) شاعیر بەهۆی دەنگ و ئاوازەوە وێنەیەکی شیعری دروست دەکات، کارامەی خۆی لە خولقاندنی وێنەکە و گەیاندنی دەردەخا. ((هەر وێنەیەکی شیعری لەسەر بنەمای دەنگ یا ئاواز یا مۆسیقا بنیاتنرابێ، ئەوا لە ڕێگەی هەستی بیستنەوە باشتر وەردەگیرێ و هەست بە خۆشی و جوانی وێنەکە دەکرێت))( شارەزا،١٩٩٧: ٧). ئەم وێنانە باشتر لای خوێنەر وەردەگیرێن، چونکە هەست بە ئارامی دەروون دەکەن و چێژ بەخشن. ئەم جۆرە وێنانە لای صافی بایەخدارن و دەستێکی باڵایی هەبووە لە

ئەفراندنیان. شاعیر لە کۆیی (616) وێنەی شیعری لە دیوانەکەیدا، (111) وێنەی هەستی بیستن بە ڕێژەی (18%) بەکارهێناوە. هەر وەک لە شیعرەدا دەفەرموێ:

**گریەوو زاریم لەگەڵ بولبول قیاسی ناکرێ**

**چونکە تا مردن دەناڵم من بە ئێش و دەردەوە** (صافی،٢٠١٥:٢٥٧).

لە نیوەی یەکەمدا شاعیر پێوانی گریان و ناڵەی خۆی لەگەڵ بولبول دەکا. وشەکانی (گریە و زار) کینایەتە لە چەهچەهە، هاوار (فوغان)ی بولبول. ناڵەی بولبول بۆ گوڵستان و گوڵە. گریە و زاری شاعیریش بۆ دوری و (فیراق)یارە کە ئەمە شاراوەیە لە ڕێگەی بولبول و چەهچەهەی بولبول ئاشکرایکردوە و دەڵێ: پێوان (قیاس)ی ناڵەی بولبول بە گریە و زاری من ناکرێ. ئەم هاوتا نەبوونە لە نێوان خۆی و بولبول لە نیوەی دووەم تەواودەکات، بەو پێیەی ناڵەی بولبول کاتیە و لە دوری گوڵزارەوەیە، ناڵین (فوغان) لەگەڵ (گریە و زاری)نیوەی یەکەمی لە چەهچەهە و نالینی بولبول چواندوە، تا ئەو پەنها دەرکەوێ، کە بولبول لە داخی دوری گوڵ و ئەو لە داخی دوری یار دەیکا. ئەم پێوانەیە کە ناکرێ لە نێوان گریە و زاری و ناڵینی خۆی و بولبول، تا مردن لەگەڵی دەبێت و ئێش و دەردی (فیراق) یان دوری تا مردن چارەنووسی کردۆتە (گریە و زاری و ناڵین).

### ٢-١-٣: هەستی بۆنکردن :-

ئەو وێنانە دەگرێتەوە کە بەر هەستی بۆنکردن دەکەون، لە ڕێگەی لوتەوە بۆن دەکرێن و هەستی پێ دەکرێ، بۆ نموونە ( بۆنی گوڵ، بۆنی یار، بۆنی دایك، بۆنی خاك، ...هتد )، لەم بۆنانە جۆرەها وێنەی هونەری بەرزو جوان دروست دەبن. وێنەی هەستی بینین (( بریتییە لەو وێنانەی کە لە ڕێگەی لوتەوە ، واتا بۆنکردن وەردەگیرێن)). (عوسمان، ٢٠١٥: ٨٩). ئەم وێنانە دەگرێتەوە کە لە ڕێگەی ئەو شتانەی بۆندەکرێن دەخولقێندرێن (( ئەو وێنانە لەخۆدەگرێت کە لەڕێگەی لووتەوە بەهەستی بۆنکردنەوە وەردەگیرێن، کەواتە ڕێگەیەکی تری چنینی وێنەی شیعری هەستی بۆنکردنە کەشاعیر لەو ڕێگەیەوە چوارچێوە بۆ وێنە شیعریەکانی دادەڕێژێت)).( محمد، ٢٠١٤: ٦٠) جگە لە بۆنکردن بە هۆی لوتەوە هیچ ئەندام و شتێکیتر ناتوانێ هەست بە بۆنبکا و ڕاستی خۆشی و ناخۆشی بۆنەکەمان بۆ دەردەخا، کە لە هەندێ بۆندا ڕێژەییە و ئەدیب بە تێڕوانین و باڵا دەستی خۆی جوانی و چێژ بەبەر دەقەکەدا دەکا. هەروەها هەموو جۆرە بۆنێك دەگرێتەوە. (( وێنەی بۆنکردن ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لە تێگەیشتنی ڕاستیەکانی دەوروبەردا)) ( احمد، ٢٠٢٢: ٩٦) لە دیوانەکەی (صافی هیرانی)دا وێنەی بۆنکردن کەمترن، کە لە کۆیی (616) وێنەی شیعری تەنیا (٢) وێنەی هەستی بۆنکردنە بە ڕێژەی (1%)، بەمەش لەچاو جۆرەکانیتری وێنەی هەستیەکان کەمترینیانە. لە شیعرێکدا دەڵێ:

**لە سەد فەرسەنگەوە بۆ چاوی نابینا ضیا بەخشە**

**هەزارانی وەکوو یەعقووب لە بۆنی عەطری زوڵفانی** (صافی، ٢٠١٥: ٢٨٥).

لەم دێڕە شیعرەدا شاعیر لە ڕێگەی بۆنەوە وێنەیەکی ئەفراندوە. زوڵفی یاری چواندوە بە کراسە پیرۆزەکەی حەزرەتی (یوسف) کە بۆنی کراسەکە شیفای بۆ چاوەکانی پێغەمبەر (یەعقوب) هێنا، کاتێك کراسەکەی نا بە چاوەکانی و بینایی بۆ گەڕایەوە. بۆنی زوڵفانی نەك بە بەرکەوتن، بەڵکو لە دووری سەد (فەرسەنگ)ەوە، شیفا بۆ هەزارانی وەکوو حەزرەتی یەعقوب دێنێ. لێرەدا شاعیر دەرمانی دەردی دوری و دابڕان، ئەو دوریە کە بۆتە هۆی کوێربوون (نەبینین) بە بۆن داناوە، کە دیارە وێنەیەکی شیعری لە چیرۆکی دابرانی حەزرەتی یوسف لە یەعقوبی باوکی (سەلامی خوایان لێبێ) وەرگرتوە، بەڵام بە شێوەیەکی ئەدەبی جوان دایڕشتوە و فەزڵ و گەورەی بۆنی زوڵفی داوە بەسەر بۆنی کراسەکە. شاعیر لەم جۆرە هەستەدا تەنیا دوو نموونەی شیعری بەکارهێناوە، ئەمیش زیاتر بۆ بۆنی زڵفی یار و دەوای دەردی دووری بەکارهێناوە، جیا لەبەشێک لەشاعیرانی ئەو سەردەمە کە بەئاراستەی بۆن و بەرامەی گوڵوگوڵزار و سروشت و ...تاد. ڕۆیشتووە.

### ٢-١-٤: هەستی بەرکەوتن:-

ئەو وێنانە دەگرێتەوە کە لە ڕێگەی دەست لێدانەوە هەستیان پێدەکرێت، وەك ( ساردی و گەرمی و ڕەقی و نەرمی و زبری ...هتد )، بۆ نموونە شاعیر لە شیعرێکدا وێنەیك دروست دەکات کاتێك دەستی یار و خۆشەویستەکەی دەگرێت هەست بە نەرمی گەرمی دەستی دەکات، ئەمەش وا دەکات وێنەکە جوانتر و بەرزتر دروست ببێ. ((هەموو ئەو وێنانەی بەهۆی دەست لێدان و بەرکەوتنەوە دروستبوون، دەچنە خانەی وێنەی هەستی بەرکەوتنەوە و وێنەی سەرنجڕاکێشی وا دروستدەکەن، کە هەستەوەرەکانیتر لە توانایاندا نییە لەو جۆرە وێنانە بخولقێنن)) (احمد، ٢٠٢٢: ١٠٠) ئەفراندنی ئەم جۆرە وێنانە جوانیەکی بێ هاوتای ئەدەبیان هەیە، چونکە

بەرکەوتن هەستێکی گرنگە بۆ دەرخستنی جوانی شتەکان. لە شیعرەکانی (صافی)دا، ئەم جۆرە وێنانە هەن، بەڕێژەی (4%) لە کۆیی(616) وێنەی شیعری تەنیا (26) وێنەی شیعری بەر هەستی بەرکەتن دەکەون. وەک ئەم وێنە شیعرەییەی خوارەوە:

**ئەی رەفیقانم عیللەتی دووریمە دەستم لێ مەدەن**

**قەت شیفای نایێ برینم تا نەگاتە دەستی یار** (صافی، ٢٠١٥: ١٨٦).

لە نیوە دێڕی یەکەمدا شاعیر داوا دەکات دەستی لێ نەدەن، چونکە ئەو دەردەی هەیەتی بە هۆی دوری یار دوچاری بۆتەوە. لە ڕێگەی هەستی بەرکەوتنەوە وێنەیەکی جوانی خوڵقاندوە. هەروەها بە هۆی بەکارهێنانی هەستی بەرکەوتن پەردەی لەسەر ئەو نهێنیە هەڵداوەتەوە، دەردەکە لێی بەدەر کەوتوە نیشانەکانی دەبیندرێن و هەستیان پێدەکرێ، لەبەر ئەوە داوا دەکات دەستی لێ نەدەن. لە نیوەی دووەمدا هۆکاری داواکاریەکەی ئاشکرادەکات، بۆچی دەستی لێ نەدەن، دووبارە لە ڕێگەی هەستی بەرکەوتنەوە وێنەیەك دەخوڵقێنێت، لە پلەیەکی باڵا دایە، داوا دەکات دەستی لێنەدەن، چونکە شیفای برینێك، کە بەهۆی دووری لە یارەوە دروستبووە شیفاکەی هەر بەوە دەبێ دەستی یاری پێبگا واتە نزیکبوونەوە لە یار بە چارەسەری دەردەکەی دەزانێ.

### ٢-١-٥: هەستی چەشتن :-

ئەم جۆرە هەستە باس لە تامی شتەکان دەکات ، وەك ( ترشی و شیرینی و تاڵی و سوێری) وێنای دیاردە خۆش و ناخۆشەکانی ژیانی پێ دەکرێت(( چەشتنیش ئەوهەستەیە کە وێنەی تاڵ و سوێر و شیرینی دیاردەکانی ژیانی پێ دەکێشرێ))( گەردی، ٢٠٠٤: ٢٠٦) زۆرجار مرۆڤ بە دەربڕینی هەستی تامکردنەوە گوزارشت لە ڕۆژگار و ژیانی دەکات.

ڕۆژگاری تاڵ و سوێری گوزارشتە بۆ ناخۆشی و مەینەت و خەم و دەرد، ڕۆژگاری شیرین بۆ خۆشی و ئارامی لە ژیان بەکاردەهێندرێ ((هەستی چەشتن ئەو وێنانە لەخۆ دەگرێت کەلەسەر بنەمای تامکردن( تاڵی، شیرینی، سوێری تفتی، ترشی، مزری..) وەردەگیرێن، هەستی چەشتن لەبەرهەمهێنانی وێنەی شیعریدا پانتاییەکی فراوان لە دەقە شیعریەکان دەگرێتەخۆ، تامی شتەکان نە بەهەستی بینین و نە بەهەستی بیستن و بەرکەوتن و بۆنکردن درکیان پێ ناکرێت، بەڵکو تەنها لەڕێگەی چەشتنەوە هەستیان پێدەکرێت، کە تێیدا هیچ ماوەیەک لەنێوان مرۆڤ وشتە هەستپێکراوەکەدا نامێنێت، نەک هەر ئەوە بەڵکو پێویست دەکات شتەکە بخرێتە سەر زما ن و لەو ڕێگەیەوە هەست بە چێژو تامەکەی دەکرێت، شاعیریش بۆ ئەوەی ڕەهەندێکی تر بۆ وێنە شیعرییەکانی زیاد بکات و چێژێکی تایبەتیان پێ ببەخشرێت ئاوڕ لەم هەستە دەداتەوە و بەهۆیەوە کۆمەڵێک وێنە دەچێنێت)). ( محمد، ٢٠١٤:ل ٦٢-٦٣) صافی هیرانی لە دیوانەکەیدا لە کۆیی (616) وێنەی شیعری تەنیا (18) وێنەی هەستی تامکردن/ چەشتن، بەڕێژەی لەسەدا (3.4%). وەک شاعیر دەڵێ:

**بە بێ یارم حەیات تەڵخ و ئەجەل شیرینە ئێستێکە**

**لە عیدا گەر ڕوحی شیرینی خۆم قوربان نەکەم چبکەم** (صافی،٢٠١٥: ١٩٨).

لە نیوەی یەکەمدا وێنەیەکی لە ڕێگەی هەستی چەشتنەوە خوڵقاندوە. لەم دێڕەدا وێنە هەستیەکە ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی چەشتنەوەنییە، بەڵکو تاڵخ کینایەتە لە ناخۆشی، شیرینی لە خۆشی و ویست. لەم دێڕەدا شاعیر نارەزایی و بێزاری دەربڕیوە بە هۆی دووری یار. خۆی لە راستیدا ژیان شیرینە و مەرگ تاڵ و ناخۆشییە، بەڵام صافی بەیانی کردووە ژیان بەبێ یار ناخۆشی و تاڵیە، مەرگ شیرینە، کە دوری یاری پێ گرانتربووە لە ئازاری مەرگ، چونکە بە هۆی مەرگەوە بە یار دەگا. لە نیوەی دووەمدا ئەگەر چی جەژن لە خۆشترین ڕۆژەکانی ساڵە، بەڵام ئامادەیە ڕۆحی شیرین و خۆشەویستی خۆی بە قوربان دەکات. واتە ئامادەیە ڕۆحی شیرین بسپێرێ بە تاڵاوی مەرگ لە ڕۆژێکی خۆش، ئەم دەربڕین و وێنە بەرزە شیعریە پێمان دەڵێ ژیان تاڵە بێ یار و مەرگ شیرین، من لە خۆشترین ڕۆژی ساڵ کە جەژنە خۆم دەکەمە قوربانی و مەرگ هەڵدەبژێرم لە دوری یار، چونکە بەبێ یار ڕۆژی خۆشم لە دونیادا نییە.

### ٣- کەڵەکەبوونی وێنەی هەستی:

بریتییە لە کەڵەکەبوونی چەند وێنەیەکی هەستی لە پاڵ یەکدا بۆ ئەوەی وێنەیەکی لێکدراو دروست بکەن (( لە ڕەخنەی نوێدا پێی دەگوترێ ( هێشووە وێنە ) شاعیر لەم شێوەیەدا دوو وێنە یان زیاتر دێنێ وێنەیەکی لێکدراویان لێ دروست دەکات )) (گەردی،٢٠٠٤: ١٥٣). شاعیر زۆرجار لە شیعرەکانیدا چەند وێنەیەکی تاك دادەڕێژێ بۆ ئەوەی وێنەیەکی فراوان دروست بکات و هەست و سۆز و پەیامی خۆی لەناو وێنە لێکدراوەکەدا بگەیەنێ. (( کەڵەکەبوونی وێنە تاکەکان لای شاعیر لە ئەنجامی کارێکی هەڕەمەکییانەوە نایەتەکایەوە، بەڵکو بەهۆی خواستنی

تـابلۆی شـیعری و واتـای داواکـراو و بیرۆکـەی گونجـاو دروسـت دەبێـت)) (قـادر، ٢٠١٢: ٢٦٠) وێـنە تاکەکـان هەریەکە و مەبەسـت و پەیـامێکی لە پشـتەوەیە، کە لە ئەنجـامی بیـر و ئەندێشـەی شـاعیرەوە دروسـت دەکـرێن. دواجـار شـاعیر ئەم وێنـانە کەڵەکە دەکـات و وێنەیەکـی گشـتی دروسـت دەکـات. ئەم کەڵەکەبـوونە توانـا و کـارامەی شـاعیر دەردەخـا، جـگە لەو پەیامەی هەیەتی و لەڕێگەی ئەم جۆرە وێنەیەوە قوڵتر و باشتر پەیامەکەی دەدات بە خوێنەر. حەزرەتی صافی دەڵێ:

**ڕۆژ بە یادی ڕووی هەتا هێوارە هەر هاوارمە**

**شەو لە فیکری زوڵفی تا صوبحەینێ صوحبەت لەو دەکەم** (صافی،٢٠١٥: ٢٠٣).

لە سەرەتای نیوەی یەکەمدا وێنەیەکی بە هەستی بینین خوڵقاندوە، کە ڕۆژ تا ئێوارە بە یادی ڕووی یار دەبێ، لە ڕێگەی وێنەیەکیتری هەستی بیستنەوە ماناکەی تەواودەکات. واتە لە ڕووناکای بۆ تاریکی بەیادی ڕووی یار، کە لە خۆری چواندووە، یادی دەکاتەوە و هاوار دەکا بۆ ئەوەی دەرفەتی دووبارە بینینەوەی هەبێ. لە نیوەی دووەمدا بە هەستی بینین وێنەیەکی لە تاریکی شەو بۆ ڕووناکای بەیانی دروستکردوە، کە زوڵفی ڕەشی یاری لە تاریکی شەو چواندووە، لە کۆتای نیوەی دووەمدا وێنەیەکی بە هەستی بیستن خوڵقاندوە، بۆ تەواوکردنی مانا و گەیاندنی پەیامێك ئەویش بە قسەکردنە لەسەر یار. لەم دێڕە شیعرەدا دەبینین چوار وێنەی هەستی پێکەوە وێنەیەکی گشتیان دروستکردووە بەم جۆرە. ڕۆژ تا ئێوارە بە یادی ڕووی یار هاوار و (فوغان)مە، شەو لە ئەنجامی بیرکردنەوە لە یار لە تاریکایی شەو تا ڕوناکایی سبەینێ هەر باس و قسە لەسەر ئەو دەکەم. لە وێنەی گشتیدا ڕووی یاری لە خۆر چواندوە کە سەرچاوەی ڕوناکیە و زوڵفە ڕەشەکانیشی لە تاریکایی شەو چواندووە، کاتێك شەو دێت و خۆر وندەبێ، وەک ئەوەی خۆری ڕوی یار لەبەر تاریکی زوڵفی لێی پەنهان بووبێت، بۆیە شەو و ڕۆژ بێدارە بە هاوار و بیرکردنەوە تاوەکو جارێکیتر دەرفەتی بینینەوەی ڕووی خۆر ئاسای یاری بۆ بلوێ.

### ٢-٢-: وێنە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە:

#### ٢-٢-١ : وێنەی ژیری

ئەو وێنانەن کە بەر هیچ کام لە هەستەکانی مرۆڤ ناکەون ، بە پێچەوانەی وێنە هەستییەکان کە بەر هەسـتەکانی مـرۆڤ دەکـەوتن. ئەم وێنانە بەهۆی ژیری و تێگەیشتنمانەوە دەتوانین لێیان تێبگەین. ((ئەگەر وێنەی هەستی بەر یەکێك لە هەستەکان بکەوێت، ئـەوا وێنەی زەینی بەر هیچ کام لە هەستەکان ناکەوێت و وێنەیەکی واتاییە و لە ناوەوە هەڵدەقوڵێ و بەهۆی هۆشیاریەوە دەزاندرێت )) (مستەفا، ٢٠٠٩: ١٥٥) لەبەر ئەوەی بەر هیچ لە هەستەکان ناکەون، بە هۆی ئاوەز و ژیریەوە دەخوڵقێنـدرێن. لە ڕوانـگەی چەمـك و واتا و ژیریەوە دەتوانین لێیان تێبگەین. ئەم وێنانە بەرهەمی ئاوەز و خەیاڵ و مەعـریفەی شـاعیرن.لە دیـوانی شـێخ صـافیدا وێـنەی ژیری یەکێکە لە سەرەکیترین وێنە شیعریەکان. دەفەرموێ:

**گەر فەخر بکا یار لەسەر عالەمی باڵا**

**لێی دێ کە شەهەنشاهێکە بێ (اول)و ثانی** (صافی،٢٠١٥: ل ٢٩٣).

لەم دێڕە شیعرەدا (صافی) وێنەیەکی شیعری دروستکردووە، لە دەرەوەی هەستەکانی مرۆڤ، واتە بەر هیچ کام لە هەستەکانی مرۆڤ ناکەوێ. لە نیوەی یەکەمدا شانازیکردن و (فەخر) بەوەی یار دەلالەتە لە (زاتی الله) لە هەموو شتێك و هەبوونێك گەورەتر و باڵا دەستترە، وشەی فەخر لە ڕێگەی ژیرییەوە لێی تێدەگەین، لە کۆتایی نیوەی یەکەمدا (عالەمی باڵا) واتە جیهانی باڵا ئەم وێنەیەش بەر هەستەکان ناکەوێ، چونکە ئەو دونیایەی شاعیر باسی دەکات لەو دیو سروشتە. لە نیوەی دێڕی دووەمدا وێنەیتری ژیری ئەفراندووە وەك تەواوکاری و لە خزمەت مانای وێنەکانی نیوەی دێڕی یەکەم. لێی دێ ئەو فەخر و شانازییە، چونکە شای هەموو شاکانە، سەرەتا و کۆتایشی نییە. واتە (ئەزەلیە) شاعیر لە ڕێگەی وێنەی ژیریەوە، کە تەنیا بەهۆی ئاوەزەوە دەتوانین لێی تێبگەین وێنەیەکی دروستکردووە لەودیو سروشت. ئەویش نیشاندانی خودایە فەخرو شانازی دەکات، کە ئەم فەخر و شانازیەشی لێدێت.

#### ٢-٢-٢-: وێنەی دەروونی:

وێنەکان بە گشتی کار لە دەروونی خوێنەردەکەن. وێنەی شیعری لە ئەندێشـە و دونیـابینین و دەروونـی نووسـەرەوە دەخوڵقێنـدرێ. وێنە بە تەنها بـۆ جوانیناسـی ئەدەبـی نیـیە، بەڵکـو کـاریگەری لە سـەر دەروونـی خـوێنەر هەیە. ((وێـنەی دەروونـی لەلای هەنـدێ لێکۆڵەرەوە. ئەو وێنەیەیە کە سۆز و هەڵچوونە جیاجیاکانی شاعیر لە دوو توێی خۆیـدا هەڵـدەگرێ)) ئاشـکرایە کە گشـت وێنەیەکـی شیعری لەدەروونی شاعیرەوە هەڵدەقوڵێ و هەست و سۆزی شـاعیر دەگـرێتە خـۆی دیارە پەیوەنـدیەکی بەتـین لەنێـوان ئەدەب و

دەروونناسیدا هەیە لەو ڕووەوەی كە هەردوكیان چارەسەری هەستی پەنگ خواردووی دەروونی مرۆڤ دەكەن، بەڵام هەریەكە بە پێی شێوازی تایبەتی خۆی)) (گەردی، ٢٠٠٤: ٢٥١). وێنە و دیمەنەكان بە گشتی كاریگەریان لەسەر دەروونی مرۆڤ هەیە. وێنەی دەرونی وەكو جۆرێك لە جۆرەكانی وێنە ڕاستەوخۆ لە هەست و سۆزی شاعیرەوە سەرچاوە دەگرێت و تۆمارێكە بۆ بارە دەڕوونیەكانی، واتە(لەدایكبوونی ئەو بارە دەروونییەیە كە شاعیر تیا دەژی یاخود دەربرینی دەرەوەی بابەتیە لەو بارە ناوەكییە خودییەی كە شاعیر پێیەوە دەتلێتەوە، تەنیایی و هەستكردن بە نامۆیی هێزێكی پاڵنەرن بۆ تەقینی كانیاوی شیعر و تەعبیركردن لەو بارە دەروونیە) (كەریم، ٢٠٠٩: ١٥٣). وێنەی دەروونی گرنگترین ئامانجی شاعیر ونوسەرە هەوڵی ئەوەدەدات كە هەڵچوون و گرو كلپە بخاتە دەروونی خوێنەر و سۆزی بجوڵێنێت، بۆ ئەم مەبەستەش وشەی بارگاوی و ئەفسوناوی بەكاردێنێت بۆ ڕاكێشانی دڵ و دەروون و هەست ونەستی خوێنەر. ئامانج لەم جۆرەدا كاریگەری دەروونی ڕاكێشان سۆزی وەرگرە بۆ ئەم مەبەستەش شاعیر پێداویستیە دەروونی و كۆمەڵایەتییەكان دەوروژێنێت بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجی شاعیر لەرێگەی تەكنیكی هونەری كە گرنگترینیان هونەری ڕەوانبێژیە گوزارشت لە سۆز و هەڵچوونی ناخی خۆی بۆ خوێنەر دەكات. شاعیر خاوەن هەست و سۆزێكی ڕوون و بە پێزە كە زۆر بەرزترە لەهەست و سۆزی كەسانی ئاسایی و توانایەكی لە ڕادەبەدەری هەیە بۆ كێشانی وێنەی هونەری. ئەم دوو خاسیەتە وای كردووە كە شاعیر جیاواز بێت لە كەسانی تر. وەێنەی شیعریش لە بنچینە دا پێكهاتەیە كی ئاوێتە یە لە هەست وسۆزو مەشاعیر بەبێ هەست و سۆز نابێت، وێنە هەردەم (( سۆزدارە و پڕ لە مەشاعیر تەنانەت لەو كاتەنەش كە لەپەشت سێبەری وێنە ماددیەكان حەشارداوە)) (گەردی،٢٠٠٣: ١٨٥) هەستی دەروونی یەكێكە لەم هەستانەی بەدەگمەن دەبینی، یان شاعیرێك دەدۆزیتەوە بەشێكی زۆری دەقە شیعریەكانی لەسەر ئەم هەستە بنیاد نەندرابێت، چونكە دەروونی مرۆڤ بەگشتی و شاعیری و نووسەران بەتایبەتی كانگەی خەم و ژان و نهێنیە شاراوەكانی مرۆڤن، بۆیە ئەم دەقەی بچێتە ئەم خانەیەوە كاریگەری و كارتێكردنی لەسەر خوێنەر زۆر زیاتر و زۆرتر دەبێت، صافی هیرانی لە دیوانەكەیدا زۆرترین وێنەی شیعری وێنەی دەروونین.

**كەوتمە نێو حاڵی هیلاكەت وا لە دەردی دووری تۆ**

**مەمكوژە بەو دەردە سەد جار دەست و دامانم وەرە** (صافی،٢٠١٥: ل ٢٣٦).

لە كۆتای نیوەی یەكەم دەردی دووری بەرچاودەكەوێ، ئەمەش مانای وایە ئەم دووریە بارێك و ماندوێتیەكی دەروونی دروستكردووە، كە بەهۆیەوە كەوتۆتە ناو هیلاكەت و هەست بە باشی حاڵ ناكا. لە نیوەی دووەمدا حاڵەتە دەروونیەكەی ڕوونتر دەكاتەوە و بە وشەی مەمكوژە گرانی و ئاڵۆزی باری دەروونی بەم جۆرەیێ دەبێتە هۆی كوژرانی سەد بارە. واتە هەمیشە حاڵ و باری دەروونی لە تاڵاو و ناخۆشی مردن دەچێ، كە ئەم دووریە بەردەوامبێ (یار) دەبێتە هۆ (سەبەب)ی مردنەكە بۆیە داوای لێدەكا بە هانایەوە بڕوا، كە وەك چارەسەری تێكچوونی باری دەروونی و حاڵی هیلاكی خۆی دەبینێ.

### ئەنجامەكان

وێنەی شیعری لە دونیابینین و تێڕوانینی شاعیر بۆ فیزیك و مێتافیزیك سەرچاوە دەگرێ، صافی هیرانی لە سروشتە جوانەكەی هیران و كوردستان گەڕاوە و پیاوێكی زانا و خاوەن مەعریفەی سەردەمی خۆی بووە، جگە لەوە بابەتی شیعری ئەو سەردەمە، بابەتی سەرەكی شیعرەكانی بووە. لە وێنەی شیعری داهێنانی هونەری كردووە.

1- صافی لە ئەفراندنی وێنەی شیعری بە گشتی شارەزایەكی باشی هەبووە و توانیویەتی وێنەی زۆر جوان بخوڵقێنێت و لە ڕێگەی جۆرەكانی وێنەی هەستی (بەركەوتن، بینین، بیستن، بۆنكردن، چەشتن) و وێنەی ژیری و وێنەی دەروونیەوە پەیام و مەبەستەكانی بگەیەنێتە خوێنەران.

2- وێنەی دەروونی ژمارەیان لە هەموو جۆرەكانیتری وێنە زۆرترە لە دیوانەكەدا، واتە شاعیر بە خوڵقاندنی وێنە دەروونیەكان توانیویەتی زۆرترین پەیام و مەبەست بگەیەنێت واتە پاڵنەری داهێنان لای سافی ناسەقامگیری لایەنی دەروونی نووسەر بووە ، بۆیە هەمیشە لە هەوڵی پڕكردنەوەی ئەو ناسەقامگیرییە بووە. لە دوای ئەم جۆرە وێنە شیعرییە وێنەی ژیری بەدوادادێ لە ڕووی ژمارەی وێنەكانەوە. بێگومان هەردوو جۆری وێنەش بنیادی ئەفراندنیان هەستەكانن.

3- صافی لەڕێگەی هەستەكانییەوە وێنەی جۆراوجۆری بەدیهێناون و بەپێی شیعرەكانی سەرجەم هەستەكان لە ئافراندنی وێنەی شیعریدا بەشدارن.

4- كۆیی گشتی وێنەی دەروونی و ژیری و وێنە هەستیەكان لە دیوانی صافی هیرانیدا جگە لە چوارین و شیعرە فارسییەكانی ژمارەیان (٦١٦) وێنەیە، ژمارەی وێنەی دەروونی (٢٠٢) وێنەن و ڕێژەی (32٪)ی سەرجەم وێنەكان دەگرێتەوە. ژمارەی وێنەی ژیری

(١٢١) وێنەن کە ڕێژەی (19.6٪) سەرجەمر وێنەکان دەگرێتەوە. ژمارەی وێنەی هەستی بینین (136) وێنەن و ڕێژەی (22٪)ی سەرجەمر وێنەکان دەگرێتەوە. هەستی بیستن ( 111 ) وێنەن و ڕێژەی (18٪)ی سەرجەمر وێنەکان دەگرێتەوە. هەستی بەرکەوتن ( 26 ) وێنەن و ڕێژەی (4٪)ی سەرجەمر وێنەکان دەگرێتەوە. هەستی تامکردن ( 18 ) وێنەن و ڕێژەی (3.4٪)ی سەرجەمر وێنەکان دەگرێتەوە. هەستی بۆنکردن ( 2 ) وێنەن و ڕێژەی (1٪)ی سەرجەمر وێنەکان دەگرێتەوە.

کەواتە؛ وێنەی هەستی بینین لە هەموو هەستەکانی تر زۆرترە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە سافی کەناڵی وەرگرتنی چاوی کاراترە لە بونیادنانێ وێنەکاندا. واتە زمانی دەربڕین کەرسەکە پێدراوەکانی کەناڵی چاوە، پێدراوەکانیش ڕەنگ، بچووک و گەورە، دیمەنە جوان وناشرین،...هتد.

## سەرچاوەکان:


### ا. کتێبەکان

- ئەحمەد، خورشید ڕەشید (١٩٨٩) ڕێبازی ڕۆمانتیکی لەئەدەبی کوردی دا، چاپخانەی ڕۆشنبیری، بەغدا.
- بایز، ئەرسەلان (٢٠٠٢) سیمای شیعری کوردی دوای ڕاپەرین، چاپی یەکەمر، چاپخانەی سەردەمر، سلێمانی.
- حسێن، جەبار ئەحمەد (٢٠٠٨) ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی – کوردستانی عێراق، چاپی یەکەمر، چاپخانەی سەردەمر سلێمانی.
- رسول، عیزەدین مستەفا (١٩٩٠) ئەدەبیاتی نوێی کوردی، هەولێر، چاپخانەی خوێندنی باڵا.
- عیسا، هاوژین سلێوە (٢٠٠٩) بنیاتی وێنەی هونەری لەشیعری شێرکۆ بێکەس دا، چاپی یەکەمر، چاپخانەی سەردەمر سلێمانی.
- مەلا، ئەحمەدی (٢٠٠٥) شیعر تەنیا هەربنەمایە، چاپی یەکەمر، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
- محمد، ئیدریس رضا (٢٠٢١) وێنەی شیعری لە دیوانی(تەمەن)ی (ئەحمەد محمد)دا، هەولێر. چاپخانەی چوارچرا، چاپی یەکەمر.
- موکریانی، هێمن (1979) ناڵەی جودایی، چاپی یەکەمر، چاپخانەی (؟).
- گەردی، سەردار ئەحمەد حەسەن (٢٠٠٣)، بنیاتی وێنەی هونەری لەشیعری کوردی دا، چاپی یەکەمر، چاپخانەی سەردەمر، سلێمانی.
- ف. بیلینسکی، (2020) و. جمال تەقی- دەربارەی ڕەخنە- دەزگای ڕۆشنبیری جمال عیرفان.
- هیرانی، محمد مەلا مصطفی(2015) دیوانی صافی ، چاپی دووەمر- هەولێر.

### ب.نامە ئەکادیمیەکان

- حەمە، هیتلەر ئەحمەد (٢٠٠١.) وێنەی شیعری لای نالی، کۆلێژی زمان- زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر.
- حوسێن، شەهلە، کەریم (٢٠١٥)، کاریگەری ئەدەبی فۆلکلۆر لە شیعرەکانی(مەدحەت بێخەو)دا، نامەی ماستەر - کۆلێژی زمان - هەولێر.
- عوسمان، کەژاڵ عبدالقادر (٢٠١٥) بونیاتی شوێن لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا بەنموونەی شیعرەکانی (دلاوەر قەرەداغی و کەژاڵ ئیبراهیم خدر)، نامەی ماستەر- زانکۆی سەلاحەددین- کۆلێژی زمان- بەشی کوردی.
- محەمەد، فرمێسک موسلیح (٢٠١٥) مۆسیقای شیعری لە شیعرەکانی " وەفایی"دا، نامە ماستەر- کۆلێژی زمان- زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر.
- محەمەد، شاخەوان فەرهاد (٢٠١٣) کورتیلە شیعر لەئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا بەنموونەی دەقەکانی (قوباد جلیل زادە، لەتیف هەڵمەت، دلشاد عبداللە ) نامەی ماستەر- کۆلێژی زمان- بەشی کوردی- زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر.

### ج- گۆڤارەکان :

- - شارەزا، کەریم (١٩٩٧) (؟). گۆڤاری ڕامان، ژمارە(١٥)- (١٥)ی ئەیلول.

### د- ئینتەرنێت:

link. Springer.com – Imagination: A new Foundation for The Since Of Mind- Stephen T. Asma- 30 August 2022

## الصُّورة العاطفيّة، في شِعر صافي هيراني

**سوران مامند عبدالله**
قسم اللغة الكورديه،كلية اللغات،جامعة صلاح الدين-أربيل،أربيل،أقليم كوردستان،العراق
soran.abdullah@su.edu.krd

**ابراهيم خليل فتح الله**
قسم اللغة الكوردية،كلية التربية شقلاوة ،جامعة صلاح الدين-أربيل،أربيل ،أقليم كوردستان،العراق
Ebraheem.fathullah@su.edu.krd

**الملخص**

هذه الدِّراسة الموسُومة بـ"الصُّورة العاطفيّة، في شِعر صافي هيراني"، تُلقي ضّوءاً كاشِفاً على أهميّة الصّورة الشعريّة في نقلِ المشاعِر، والأخيلة، والتصوّرات.

ولا شكّ أنّ الصّورة الشِّعريّة؛ هي إبداعٌ أدبيّ مُتميِّز، ذلِك لأنّها تقدِّم للقارئ من خِلال صُورٍ دقيقة وصغيرة معاني كبيرة وواسِعة، والشعرُ هو نوعٌ أدبيّ؛ يُكْتب بأشكالٍ مختلفة، وتعدُّ الصّورةُ واحدةً مِنَ الأدواتِ الأساسية للشعر. هذا، وقد حاول الكُتّاب والشّعراء التّعبير عن قُدراتهم الفنيّة، وإمكاناتِهم الأدبيّة من خلال صُوَرِهم الشعرية المُبْتكرَة. وتلعبُ المشاعِرُ والعواطِف - بشكلٍ عام - دَوْراً بارزاً في الإبداع الفني، وتصوير المرئيّات، وتجسيم الظواهر التّي من حولنا، وبناءً على ذلِك فإنّ الشّاعِر يلجأ إلى العواطِف والمشاعِر باعتبارِها أحد هذه العوامِل والطّرق المُهمّة في البناءِ الشعريّ. وتأسيساً على ما سبق؛ فإنّ هذا البحثَ يسعى إلى تحليلِ رُؤى شاعِر أمّتِنا العارِف الشّيخ صافي هيراني من خِلال رصدِ صُوَرِهِ الشّعريّة في أشعاره، وخاصّةً تلك النصوص الشعريّة التّي تأسّست عن طريقِ الحواس، وأُعطِيَتْ فضاءً فنياً وجماليّاً.

**الكلمات المفتاحية:** الحياه الشاعر, الشعرالكلاسكى, الشكل و محتوى.

## Image of Imagery in Safi Hirani's Poems

**Soran Mamand Abdullah**
Department of Kurdish Language, College Language, Salahaddin University-Erbil, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
soran.abdullah@su.edu.krd

**Ebraheem Khaleel Fethullah**
Department of Kurdish Language, College of Education - Shaqlawa, Salahaddin University-Erbil,Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Ebraheem.fathullah@su.edu.krd

**Abstract**

This paper entitled (Image of imagery in Safi Hirani's Poems). Poetic imagery is considered to be a unique and innovative literary element because it creates a huge impact on the readers through very compressed language device. It is obvious that poetry is a literary genre that is written by using different literary devices and poetic imagery is one of them. The poets and authors attempt to express their literary potentials and skills through these images and it is through these poetic images that writers and poets could express their feelings to embody various phenomenon around us. Therefore, this research has tried to analyze and present (Safi Hirani's) worldview and perspective through poetic imagery in his poems in particular those poems the poets has written based on his feelings and emotions. This style of writing has given him aesthetic and artistic values.

**Keywords:** poetic imagery, imagery, emotional image, Safi Hirani, Classical literature